سەرۆک کۆمار پیرۆزبایی جەژنی (جەما) لێ ئەزدییەکان دەکات

ئەمڕۆ دووشەممە،سەرۆک کۆمار، عەبدولەتیف جەمال ڕەشید، بەبۆنەی هاتنی جەژنی جەماعیە (جەما)، پیرۆزبایی لێ ئەزدییەکان کرد.

عەبدولەتیف جەمال ڕەشید لە تویتەکدا، کەموتەبەدواداچوونی بۆ کردووە، ڕایگەیاند: "گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی هاوڵاتیانی گەلەکەمان لە ئەزدییەکان دەکەین بەبۆنەی هاتنی جەژنی جەماعیە (جەما)، بە ئاواتی ئاوەی جەژنەکی بەختەوەر و پڕ لە خێر و ئاشتی و ئارامییان هەبێت".

ئاماژەی بەوەشکرد: "لەم ڕۆژدا، واتا و مەبەستەکانی پەکەوەیی و پتەوکردنی ژیانی هاوبەشی ئاشتییانە لەنێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا دەنینەوە یاد"، جەختیشی کردەوە لەسەر "پشتیوانیکردنی ئەم پێکهاتە هەستیارە بە تێپەڕاندنی ئاڵنگاری و بارودۆخەکان و بڕینەکانی ڕابردوو، و هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شارەکانیان، و ئاشکراکردنی چارەنووسی ونبووان".